لیژنەی پێداچوونەوە بە دەستووری هەمیشەیی کۆماری (العراق) و مافەکانی خەڵکی کوردستان

جەوهەر نامق سالم

بەشی یەکەم

لەم ماوەیەی دواییدا، بە هۆی چەند هەڵوێست و لێدوان وراو بۆچوونێکی جیاجیای ژمارەیەک لەکاربەدەستانی هەرێمی کوردستان(حزبی و ئیداری) ، یان ئەوانەی عێراقی غەیرە کورد، لەمەڕ ماف و داخوازیە چاوەڕوانکراوەکانی خەڵکی کوردستان، سرنجی راکێشاین؛ چ ئەو ماف و داخوازیانە کە لە دەستووری هەمیشەیی کۆماری (العراق) چەسپابوو، چ ئەو مادده و برگانەی تری ئەم دەستوورە، کە جێگای نیگەرانی ونارەزایی توێژێکی بەر چاوو بەهەند وەرگیراو، لەلایەن لایەنی دەستڕۆی ئەمریکاو هاوپەیمانانی لە ئەم (العراق)ـە، بەتایبەتی لایەنی سونەی عەرەب بەعەلمانی وئیسلامی سیاسیانەوە و، لایەنێکی توندڕەو خاوەن هێزو بنکەی جەماوەری مەزهەبی شیعە و، سەرەڕای ئەمەش، ئەم دووجەمسەرەی دوایی (سونە وتوندڕەوی شیعە)بە پێچەوانەی گشت ناکۆکییە سیاسی ومەزهەبیەکانیانەوە، قوڵاییەکی ئیقلیمی ونێودەوڵەتییان هەیە لەپشتگیری وهاوکاری وتاکو رادەیەکیش دەکرێت بڵێن هاندانیش.

ئەم دیاردەیە لە تەک لێدوانەکەی بەڕێز «میشێل لو» (ئەندامی نووسینگەی پاڵپشتی دەستوور و نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتی کۆماری (العراق) «یونامی »، کە تیایدا دەڵێت : **هەندێ کێشە وگرفتی جۆراو جۆر لە ناوەڕۆکی دەستووردا هەیە «ئەو دەستوورەی کە بەخێرایی نوسراوە»، دەبێ گفتوگۆی زێتری لە سەر بکرێت، چونکە کەم و کووڕی تێدایە.**

«لو» بە « الشرق الاوسط » ی راگەیاند، نووسینگەی نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەعێراق « ٥ پێنج» ۆرک شۆپی تایبەت بە نەوت و بەروبوومی سروشتی و مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی وبابەتی تری کردۆتەوە..) .

*** خەبات ژمارە «٢١٨٧» رۆژی ٢٠٠٦/٦/٢٧، لاپەرە ٣»** . هەروەها بابەتێکی بەڕێز «دکتۆر منذر الفضل» لە ژێر ناونیشانی «حوکمەکانی هەمواركردنی دەستووری کۆماری ئێراقی فیدراڵ لە رۆژنامەی خەبات و، بە دوو بەش لە رۆژانی٢١ /٢٠٠٦/٦ لە هەمان رۆژنامە و لە لاپەڕە(٣) بلاویکردبوەوە و تیایدا خاڵە ناکۆکییەکانی نێو دەستووری هەمیشەی کۆماری (العراق)ی خستبووە روو، و ئەگەری سەر لەنوێ باسکردن و مشتومڕی لێ دەکرد.

ئەم بابەتە بەشێکی کتێبی دووهەممانە، سەبارەت بە (دەستووری هەمیشەیی کۆماری العراق) و (ماف و داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان) ، نیازمان وابوو پێش دەستبەکاربوونی (لیژنەی پێداچوونە بەدەستووری هەمیشەی العراق) بلاوی بکەینەوە. کەبە پێی مادده«١٤٢»(ئیزافەکراوی) سەر ئەو دەستوورە، دەبوایە هەر لەسەرەتای دەست بە کار بوونی ئەنجوومەن،ئەو لیژنەیە پێک بهێنێت و دەست بەکار بێت و، ماوەی کارکردنیشی دەبوایە لە (٤)مانگ زیاتر نە خایەنێت.

هەرچی بێت هۆ وهۆکار، رۆژی ٢٠٠٦/١٠/١١وبە ئامادەبوونی (١٤٠) ئەندام لەکۆی (٢٧٥) ئەندام،

هەر وەکو راگەیەندرا، ئەنجوومەنی نوێنەرانی کۆماری العراق، بڕیاری پیاچوونەوەی بەدەستووری هەمیشەییدا داو، بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەکی پێکهێنا ،کە دەبێت ئەو لیژنەیە لە ماوەی یەک ساڵدا ئەرکەکەی تەواو کات و پرۆژی چاکسازی بە ماددەو برگەکانی دەستووردا بخاتە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران، چۆن و کەی ئەنجوومەنی نوێنەران بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەدەن، دیاری نەکراوە!. درووستکردنی ئەو لیژنەیە و ئەرکەکەی، پاش داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی وپەسندکردنی لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە، یەک لە مەرجەکانی هەندێ هێزولایەنی سیاسی بەرهەڵستکاری عەرەبی العراق بوو(ئەگەر چی ماوە دەستوورییەکەی بەسەرچوو)، چونکە ئەوانە کاتی خۆی، ئەو دەستوورەیان لاپەسند نەبوو،تەهدیدی پەک خستنیان دەکرد لە ڕێگای ریفراندۆمەوە، سەرەڕای توندوتیژی وکردەوە تیرۆریستیەکان.

کە بڕیاریاندا بەشداری گەمە سیاسیەکان بکەن، هەر لەسەرەتاوە، دوو جۆرە مەرجیان هەبوو، بۆ بەشداریکردنیان لە ریفراندۆم لە سەر دەستووری هەمیشەیی و، هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کۆماری العراق:

جۆری یەکەمی مەرجەکان : بە دەقی یاسایی(ماددەو برگە) بوو، لە پێش ریفراندۆمەکە لە١٤/١٠/٢٠٠٥ تەسبیت وپەسند کرا، ولە هەمووشی سرنج راکێشتر، مەودا دان بوو بە دروست کردنی لیژنەیەک لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی کۆماری العراق بۆ پیاچوونەوە بە گشت ماددە و برگەکانی ئەم دەستوورەدا، پاش دەرچواندنی لە لایەن خودی ئەنجوومەنی نوێنەران و، پەسند کردنی لەلایەن خەڵکی العراق لە ریفراندۆمی رۆژی ١٥/١٠/٢٠٠٥، ئەمەش لەرووی پراکتیکەوە سڕ بوون وزیاتر پەراوێز کردنی ریفراندۆمەکەو، هەروەها گومان خستنە سەر خودی دەستووری هەمیشەیی العراق بوو.

ئەم مەرجە لە (ماددە ١٤٢)ی دەستووری هەمیشەی العراق تەسبیت کرا، کە جەخت دەکات لەسەر :

یەکەم: ئەنجومەنی نوێنەران لەسەرەتای دەست بەرکاربوونی لیژنەیەک لە ئەندامانی پێک دەهێنێت و، ئەرکی ئەم لیژنەیە:

ـ پێداچوونەوەیە بە گشت ماددە وبرگەکانی دەستووری هەمیشەیی العراق (بە دەر لەحوکمی ماددە (١٢٦)ی خودی دەستووری هەمیشەیی کەبەپێی برگەی پێنجەمی ئەم ماددەیە(هەڵوێر کراوە ـ استثناء) (چۆنیەتی هەموار کردنی دەستوور).

ـ پێشکەشکردنی ڕاپۆرتێک بە ئەنجومەنی نوێنەران تیایدا ئەو ڕاسپاردانە لەخۆدەگرێت و، پێویستە هەموار بکرێت (بەرای لیژنەکە).

ـ سەقفی زەمەنی لیژنەکە دیاری کراوە،کە نابێت لە چوارمانگ زیاتر تێپەڕ بکات (لەرۆژی دامەزراندنیەوە).

ـ پێشنیاری هەموارکردنی دەستوور، دەبێت بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە بێت (*):

١ـ دەبێت هەموارکردنەکان بەجارێک بخرێنە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران بۆ دەنگ لەسەر دانیان.

٢ ـ ئەم هەموارکردنانە بەڕەزامەندی زۆرینەی رەهای ئەندامانی ئەنجومەن بڕیاری لەسەر دەدرێت، واتە هەموارکردنەکە لە ١٣٨ دەنگ کەمتر بەدەست نەهێنێت.

٣ـ ماددە هەموارکراوەکان هەر هەموو وەک یەک پاکێت بخرێنە بەردەم میللەت بۆ ڕاپرسییەکی میللی لەماوەی دوو مانگدا لەمێژووی بڕیار لەسەردانی هەموارکردنەکە لە ئەنجومەنی نوێنەران.

٤ـ ڕاپرسی لەسەر ماددە هەموارکراوەکان بەڕەزامەندی زۆرینەی دەنگدەران سەردەکەوێت، ئەگەر دوو لەسەر

سێی دەنگدەران ڕەتی نەکەنەوە لە ٣ پارێزگا، یان زیاتر.

(*) بڕوانە بابەتەکەی بەڕێز(د.منذر الفضل ـ حوکمەکانی هەموارکردنی دەستووری کۆماری ئێراقی فیدراڵ ـ بەشی «١»)، ڕۆژنامەی «خەبات» ڕۆژانی ٢١ /٦/ ٢٠٠٦، لاپەرە (٣).

جۆری دووهەمی مەرجەکان : بەلاوەنانی ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کۆماری العراق بوو، لە دامەزراندن وپێکهاتەی حکومەتی العراق و، دابەشکردنی پۆستە سیادیەکان.

ئەوەی مەبەست بێت لای ئێمە و لەم باسەدا، پرسی کوردە، بەپێی مادده و بڕگەکانی دەستووری هەمیشەیی کۆماری العراق و ئەگەری گۆڕانکاریەکان و،مەبەستی هەندێ لەو هێز و لایەنانە سەبارەت بە پرسی کورد ومافەکانی.

بە پێی ئەم مادده ئیزافەکراوەی سەر دەستووری هەمیشەیی کۆماری العراق،هەر وەکو لە بڕگەی (١)یدا هاتوە، بۆ ئەم لیژنەیە هەیە بەگشت مادده و بڕگەکانی ئەم دەستوورەدا بچێتەوە وپێشنیاری گۆڕانکاری تێدا بکات، بێ ئەوەی روونی کاتەوە چۆن ئەم لیژنەیە بڕیار وەردەگرێت...؟ بەتەوافق... بە زۆرینە...؟

هەرچۆن بێت، ئەوەی لای ئێمە گرنگە، هەندێ لەو هێزانە لایەنگیری فیدراڵیەت نین، ئەگەر پێیان نەکرا گۆڕانکاری بکەن، ئەوە هەوڵ ئەدەن سنوورو دەسەڵاتی ناوەندیی بەغدا زیاتر بکەن و تاکو پێیانیش بکرێت دەسەڵات ومافەکانی کورد کەم وگەمارۆ دەن، بۆ ئێمەی کوردیش هەلێکی زێڕینە، کەدوور نییە ئیتر دووپات نەبێتەوە، بۆ تەسبیتکردنی مافەکانمان ؛ چ ئەوەی لەدەستوورەکەدا هاتووەو، داڕشتنەوەی ماددەو بڕگە تەم ومژاوی و پڕ لەپێچ و پەناکانی و، هەڵگرتنی لەمپەرو کۆسپەکانیان، چ ئەوەی لایەنی کوردی سەرنەکەوت لەتەسبیت کردنیان یان، بەسەریدا سەپا، یان بە سەریدا تێپەڕبوو...

گومان لەوەدا نییە نوێنەرانی کورد لە بەغدا، لە کاتی داڕشتن و گفتوگۆیەکانی پێش پەسندکردنی دەستووری هەمیشەیی کۆماری العراق، هەوڵی زۆریان داوە سەبارەت بە تەسبیت کردنی ماددەو بڕگە پێوەندارەکان بە ماف و داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان، هەندێ شتیش بە سەریاند تێپەڕیوە، هەندێکی تریش لایەنی بەرامبەر ڕەفزی کردووە، یان لە کاتی داڕشتن لاواز و تەهمیش کراوە، خۆیان وتوێژێکی زۆر لە پسپۆڕانی مەیدانی دەستوور ویاسا ورۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی وڵاتەکەمان دان بەو ڕاستیەدا ئەنێن،ئەگەر چ دوور نییە هێشتاهەبن هەر سوور بن لە سەر ئەوەی، کە [(٩٨٪) ی مافەکانی کورد لەم دەستوورەدا تەسبیت کراوە..!] ، بۆیە پێداچوونەوە بەدەستووری هەمیشەی کۆماری العراق بەو شێوەیەی کەلە ماددەکەی سەرەوەدا، ئاماژەمان بۆ کرد، هەلێکی ڕەخساوە، کەلایەنی کوردی جەخت لە سەر جەمسەرە سەرەکییەکانی مافی میللەتەکەمان بکاتەوە، لەوانەش:

یەکەم

ناووپێناسەی دەوڵەتی عێراق

لە نێو لیژنەی داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی، لەسەر ناوی «عێراق» ، وەکو دەوڵەت مشتومڕێکی زۆری لە سەر بووە، بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم بابەتە زۆر گوتراو، ونووسرا.

بۆ ئەمەش دەگەڕێینەوە بۆ یادەوەریەکانی یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی داڕشتنی دەستووری هەمیشەیی العراق ئەویش بەڕێز « الدکتور محسن باقر القزوینی »ـە ـ ئەندامی لیژنەی داڕشتنی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی العراق ـ، کە لە (موسوعة النهرین) ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/٣ ، بڵاویکردوەتەوە، لە ژێر ناونیشانی الجمهوریة العراقیة الإسلامیة الاتحادیة)«*» نووسیوێتی ودەڵێت :

" الجمهورية العراقية الإسلامية الاتحادية"

«حدث جدل واسع حول تسمية العراق فكانت المقترحات آلاتية :

أولاً : العراق من دون أية عبارة أخرى .

ثانياً : جمهورية العراق وهي التسمية القائمة التي تم وضعها في عهد صدام حسين ولازالت موجودة .

ثالثاً : الجمهورية العراقية وهي التسمية القديمة قبل أن تتغير في عهد صدام .

رابعاً : الجمهورية العراقية الاتحادية وهي التسمية التي كان يصر عليها الطرف الكردي في لجنة كتابة الدستور .

خامساً : الجمهورية العراقية الاتحادية الإسلامية وهي التسمية التي اقترحها الطرف الشيعي في اللجنة .

وكان وراء كل تسمية مبرراتها ، فالذين كانوا يريدون كلمة العراق وحدها من دون أية إضافة كانوا يستشكلون علي كلمة الجمهورية ويرون أنها مستوردة من الفكر الغربي وهي تتناقض مع الفكر الإسلامي الداعي إلي سيادة الشريعة الإسلامية ، وكان هؤلاء يرون أن عبارة الجمهورية تعني سيادة الشعب وسيادة الشعب تعني أنه صاحب السلطة في التشريع .

وكان الرد على هذا الرأي واضحا جليا فـ(الجمهورية) لفظ مجرد لا يعني سيادة الشعب ولا يعني منح الشعب صلاحيات تشريع القوانين بمعزل عن الأحكام الشرعية . كما وأن اللفظ لتمييز شكل الدولة عن الدولة الملكية ومنحها صفة الشعبية .

أما عبارة جمهورية العراق فكانت حجة الذين اقترحوها أنها العبارة المناسبة التى حددها مجمع اللغة العربية ولا علاقة لصدام حسين بها وأن ظهورها في زمانه لا يعني انه المسئول عن إطلاقها وأنها لا تحمل أية ظلال بعثية كما يري البعض .

أما الجمهورية العراقية فهى التسمية القديمة للعراق وكان المنادون بها يريدونها بديلا عن «جمهورية العراق » التي تحمل ضلالاً من العهد البائد .

وقد رد هذا المقترح بأن العبارة غير سليمة من الناحية اللغوية ، بينما لغة جمهورية العراق أصح وأسلم .

وإلى جانب هذة التسميات كان الأكراد يصرون على إضافة عبارة الاتحادية إلي الجمهورية العراقية أسوة بالجزائر وألمانيا ودول أخرى .

أما مقترح إضافة الإسلامية فكان ورائه فئتان ، فئة من أعضاء اللجنة كانوا يريدون إسقاط عبارة الاتحادية ومساومة الأكراد على التنازل عنها فى قبالة التنازل عن الإسلامية ، إذ كانوا على يقين أن الأكراد سيرفضون تسمية العراق بالإسلامية .

وفئة أخرى كانت ترى ضرورة وجود هذه العبارة كإشارة إلى وجود الأكثرية الإسلامية وكنت من بين هذة الفئة ومن المتحمسين لإضافة الإسلامية من منطلق الحقيقة وليس المناورة .

وكان التخوف الكردي من العبارة ينطلق من تخوفهم من الدولة الدينية وادعائهم أن وجود هذه العبارة يعني أن العراق سيتحول إلى دولة دينية . وقد أخذت أطراف الحديث وتكلمت بإسهاب للرد على هذه الحجة فقلت :-إن وجود عبارة الإسلامية على اسم العراق لا يوحي بأن العراق دولة دينية بحتة لأن هذه العبارة موجودة على اسم دول عديدة كأفغانستان وموريتانيا مع أنهما ليستا بدول دينية ، هذا من جانب ومن جانب آخر إن وجود عبارة الإسلامية فيه إشارة إلى تاريخ العراق وإلى وجود العتبات

المقدسة وإلى وجود الأكثرية المسلمة في العراق ، كما وأن وجودها سيشكل مانعا من انحراف الحكومات عن الجادة الإسلامية ويحول دون الغزو الفكري الذي سيتعرض له العراق على أيدي القوى الغربية ، إشارة إلى وجود تيارات مختلفة في العراق تريد استباحة ثقافته وفكره وتحويله إلى قلعة للتغرب .

وفي الجانب الآخر كنت أرفض استخدام عبارة الإسلامية للمساومة مع الأكراد ، وقد تحدثت إلى الإخوة الذين كانوا يعملون بهذا الاتجاه وقلت لهم : إن الإسلام اسم مقدس وليس من الصحيح المساومة عليه ، وبم تجيبون الجماهير عندما يعرفون أنكم استخدمتم كلمة الإسلام للمناورة لإسقاط عبارة الاتحاديه .

وكانت النتيجة ما أراده هؤلاء إذ تنازل الأكراد عن عبارة الاتحادية في مقابل الطرف الآخر عن عبارة الإسلامية فأصبحت تسمية العراق باسم جمهورية العراق . »

له دەقی ئەم باسەی بەڕێز (القزويني)دا چەند شتێکمان بۆ روون دەبێتەوە :

* هەر لە سەرەتاوە، لە سەر ناوی عێراق خیلاف و مشتومڕێکی زۆر هەبووە و، دیارە داکۆکی لایەنە ئیسلامیەکانی نێو کۆمەڵەی نیشتمانی و، بە تەحدید لە نێو لیژنەی دەستوور، لە سەر زاراوەی (الاسلاميه) بۆ سازشکاری بووە لەگەڵ لایەنی کوردی، هەروەها :

* دیارە پێشوەخت زانیاری ئەوەیان هەبووە کە کورد رازای نابێت لە سەر ئەم زاراوەیە...! (ئەمەش یەک لە هەڵە کانی دان وساندن وگفتوگۆیە، کە هەر لەسەرەتاوە بەرامبەر کارتی دەستت بخوێنێتەوە)، هەر وەکو بەڕێز (القزويني) نووسیویەتی. پاشان دەرکەوت کورد ئامادە بووە تەنازل بکات لە زاراوەی (الاتحادي).

بەمەش لایەنە ئیسلامیەکان گۆڵی خۆیان کرد.

پاش ئەو چاکسازییە کە کەوتە سەر ماددەی (١)ی دەستووری هەمیشەیی، بەندە بە هەنگاوێکی ئیجابی باش دەیژمێرێت، بە گەرمی دەستخۆشی لە شاندی کوردستانی دەکرێت، چونکە هەر خودی ئەم چاکسازییە ڕێگای ڤالآو هاسان کرد بۆ تەسبیت کردنی خودی ناوی (کۆماری عێراق لە (کۆماری العراق) بۆ کۆماری (عێراقی فیدراڵی) و هەروەها پاش ئەو چاکسازییە پاساوی لکاندنی (الاسلاميەی لەسەر ناوی عێراق مانای نامێنێت). ئەگەر لایەنە ئیسلامییەکان سوور بوون لەسەری ئەوە قابیلی دانوساندنە.

بەش بە حاڵی خۆم، مانەوەی ناوی دەوڵەتی (العراق) بە (کۆماری عێراقی فیدراڵی (ئیتحادی) ئیسلامی لەم قۆناغە. بۆ کورد زۆر سوود بەخشتر بوو لە تەنازلکردن لە (الاتحاديه= فیدراڵیە) بەرامبەر بە لادانی(الاسلاميه)، بە تایبەتی پاش ئەوەی دەرکەوت بۆ شاندی کوردی، کە لایەنی ئیسلامی ئامادە نین زاراوەی (کۆماری عێراقی یەککگرتوو بێ زیاد کردنی (ئیسلامی) قەبووڵ بکەن چونکە :

١. بە پێناسەی ناوی عێراق وەکو کۆمارێکی (فیدراڵی ئیسلامی عێراق) ئەوە (دەوڵەتی العراق) دەبووە دەوڵەتێکی فیدراڵی)، نەک نیزامەکەی فیدراڵی بێت، هەر وەکو لە ناوەڕۆکی ماددە(١)ی دەستووری هەمیشەی العراق پێش چاکسازیەکە تەسبیت کراوە و دەڵێت : (جمهورية العراق دولة مستقلة ذات سيادة ، نظام الحكم فيها جمهوري نيابي (برلماني) ديمقراطي اتحادي) واتە (کۆماری عێراق دەوڵەتێکی سەر بە خۆو شکۆدارە، سیستمی حومکڕانی تیایدا کۆماریی، نوێنەرایەتی(پەرلەمانی)، دیموکراسیی یەککگرتووە).

مەعلوومە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە پێناسەی (دەوڵەتی فیدرال) و (سیستمی= نظام)ێکی فیدراڵ...!

٢. بەم پێناسەیە(عێراقی فیدراڵی..) ناوەڕۆک وشێوازی (دەوڵەتی ناوەند= دوله العراق) دەسڕایەوە و

ناوەکەشی تەعبیری دەکرد لە واقیعی ئەم عێراقە بە گەلانی (کورد وعەرەب و تورکمان و کلدو ئاشوور..) و، بە خاکیەوە کە پێک هاتووە لە کوردستانی باشوور و عێراقی عەربی). واتە لە دەوڵەتێکی (سادە = بسیط)، دەبووە دەوڵەتێکی (مرکب).

یەکەمیان ناوەڕۆک وسیمای دەوڵەتێکی (مەرکەزیە) و، دووهەمیان ناوەڕۆک و سیمای دەوڵەتێکی (فیدراڵە).

٣. کوردیش ئیسلامە و زۆر دەوڵەتیش هەیە پێناسەی ناوەکەی بە ئیسلامیەوە تەواو دەبێت، هەر وەکو بەڕێز القزوینی ئاماژەی بۆ کردووە.

٤. لەوە بوو تەنازول کردنی لایەنی کوردی لە زاراوەی (الفیدرالیە) بەرامبەر تەنازولی لایەنی عەرەبی لە سەر زاراوەی (الاسلامیە)،لای زۆر کەس پەسند بایە، ئەگەر هاتوو ئەم دەستورە بە کردەوە، پێناسەی عێراقی بکردایە وەکو (دەوڵەتێکی عەلمانی).

کە بە پێچەوانەوە ئێستا، ناوەڕۆکی ئەم دەستوورە، زۆر بە زەقی، ناسنامەی (ئاینی و ئیسلامی و عەرەبی کۆماری العراق)ی تەسبییت کردووە، هەر لە سەرەتای دیباجەکەیەوە تاکو ناوەڕۆکی خودی دەستوورەکە ئەم سیفەتەی پێوە دیارە. هەر بۆ نموونە بڕوانە:

* بڕگەی (یەکەم)و بڕگەی (یەکەم - أ) و بڕگەی (دووەم) ی مادده (٢) کە دەڵێت: «(یەکەم - ئیسلام ئاینی فەرمیی دەوڵەتەو، سەرچاوەیەکی بنەڕەتییە بۆ یاسادانان :

أ. نابێت یاسایەک دەرچێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلامدا ناکۆک بێت...

دووهەم - ئەم دەستورە پاراستنی ناسنامە ئیسلامیەکەی زۆرینەی گەلی عێراق مسۆگەر دەکات...»

هەروەها ماددەی (٣)یش کە دەقە کوردیەکەی دەڵێت: (عێراق وڵاتێکی فرە ئایین وئاینزایە و، بەشێکە لە جیهانی ئیسلامی و ئەندامێکی دامەزرێنەر و کارای کۆمکاری عەرەبییەو پابەندی بەڵێننامە (میثاق) کەیەتی.) و، دەقە عەربیەکەشی دەڵێ: (العراق بلد متعدد القوميات والأديان والمذاهب ، وهو جزء من العالم الأسلامي ، وعضو موؤسس وفعال فی جامعة الدول العربية ، وملتزم بميثاقها .) .

پێناسەی العراق بەم شێوەیە وبە تەحدید کە دەوڵەتێکی ئیسلامیە و،(ئەندامێکی دامەزرێنەروکارای کۆمکاری عەرەبییە و، (پابەندی بەڵێننامەکەیەتی) ناسنامە ئیسلامیەتی و(عروبەتی)ئەم وڵاتەی حەسم کردووە، چونکە:

لە ماددەی(١)ی بەڵێننامەی کۆمکاری عەرەبی هاتووە دەڵێت (تتألف جامعة الدول العربية من الدول العربية المستقلة الموقعة على هذا الميثاق ،ولكل دولة عربية مستقلة الحق فی أن تنضم الي الجامعة ، فإذا رغبت فی الانضمام ، قدمت طلبا بذلك يود ع لدى الأمانة العامة الدائمة ، و يعرض على المجلس فی أول اجتماع يعقد بعد تقديم الطلب .). واتە (کۆماری العراق) وڵاتێکی (عەربی) یە و،وڵاتیش یەعنی گەل وخاک...هتد!

هەروەها سوور بوونی لایەنی عەرەبی لەسەر (جمهوریە العراق) واتە ئیزافە کردنی (ال التعریف) لە سەر (ناوی ـ عێراق ـ کە نەکیرەیە،کرا بە(العراق) کە یەک عێراق هەیە، نەک عێراقی عەرەبی وعێراقی غەیرە عەرەبی...هتد)، دیسان سوور بوون و جەخت کردنە لە سەر یەک (عێراق)و، یەک خاک و یەک گەل، ئەم سووربوون وجەختکردنە جارێکی تریش هەر لە ئیزافە کردنی (چەند زاراوەیەکی تر) لەسەر ئەم ماددەیە بە دی دەکرێت ودووپات دەبێتەوە، وەکوو ئەم (عێراق)ـە (ئەندامێکی دامەزرێنەر و کارای کۆمکاری

عەرەبەییە و پابەندی بەڵێننامە (میثاق) کەیەتی و، هەر وەکو باسمان کرد، کۆمکاری عەرەبیش پێکهاتووە لەوڵاتانی عەرەب. تەماشای ئەو هەموو تەئکید کردنە: (ئەندامێکی دامەزرێنەر... کارا... پا بەند بە بەڵێننامە...هتد..).

* دیباجەی دەستورەکە (بسم الله الرحمن الرحيم) و (ولقد كرمنا بني ادم) یان (نحن ابناء وادي الرافدين، موطن الرسل والأنبياء، ومثوى الأئمة الأطهار . . .) یان (وفوق ترابنا صلى الصحابة والأولياء . .) یان (واستجابة لدعوة قياداتنا الدينية . . . و اصرار مراجعنا العظام . . .)

* [هامش * بڕوانە دیباجەی دەستووری هەمیشەیی کۆماری العراق]

* مادده (١٠)ی دەستووری هەمیشەیی کۆماری (العراق) (العتبات والمقامات الدينيه فى العراق كيانات دينيه...)

٥- کە لایەنی کوردی پێی نەکرا شەراکەتی کورد وعەرەب لە دەستورەکەدا تەسبیت بکات، یان کورد وەکو نەتەوەیەک شان بە شانی نەتەوەی عەرەب لەم عێراقەدا ساغ بکاتەوە هەر چۆن عەرەبەکان سەرکەوتوو بوون لە پێناسەی ناسنامەی عروبەتی عێراق وەکو گەل و وەکو خاک و، وەکو دەوڵەتێکی ئایینی، ئەڵێین کە ئەوان (عەلمانیەکانی عەرەب و لایەنەکانی تری غەیرە مەزهەبی وئیسلامی سیاسی)، عێراق پێناسە بکەن وەکو دەوڵەتێکی عەلمانی ومەرج نەبێت هەموو یاسا وڕێساکانی ئەم عێراقە لە (حوکمە نەگۆڕەکانی ئاینی ئیسلام دەرنەچێت) و ئاینی ئیسلام (سەرچاوەی بنەڕەتی) یاسادانان بێت، ئیدی شەرم کردن، یان پاشگەزبوونەوە لە زاراوەی (فیدرالی= الاتحادی) لە بەر سڕینەوەی زاراوەی (الاسلامیه) بۆ چی و لە پای چی..؟!، هەر بۆ ئەوەی بڵێن کورد عەلمانیە...؟! یان: لە جیاتی لایەن و هێز و پرۆژەی خەڵکی تر، کە هەر ئەوان بوونە مایەی ئەوەی کەیەکەم جارە لە مێژوی ئەم عێراقە داتاشراوەی خۆیان، دەسەڵات بکەوێتە دەستی زۆرینەی هێزە ئیسلامیە سیاسیەکان و، تەوژمی ئاینی و ئاینزای توندڕەو لە پەرەسەندندابێت و، دەستووری هەمیشەیی عێراقیش بە ڕەنگ وبەناوەڕۆک ئیسلامی بێت..!

(لەکۆی گشتی ٢٧٥ لە ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی کۆماری العراق زیاتر لە - ٧٠٪ یان - سەران و ئەندامان و نوێنەرانی لایەنە ئیسلامی ومەزهەبیەکانن -).]

بۆ دیسان کوڕی خۆمان بکەینەوە بە قوربانی کچی خەڵکی...!

بۆیە دەکرێت لایەنی کوردی هەڵی پێداچوونە بە دەستووری هەمیشەی ودەرفەتەکانی تریش بقۆزێتەوە و جەخت لە گۆڕینی ناوی العراق بکات لە (کۆماری عێراق)بۆ کۆماری عێراقی فیدرال)، واتە لە دەوڵەتێکی (سادە = بسيطه) بۆ دەوڵەتێکی (ئاوێتە = مركبه، چونکە (شكل ومضمون) لەخودی ناوو ناوەڕۆکی دەوڵەتی عێراق دەبێت (مطابق) بێت و، وشەراکەتی کورد بەخاک و بە نەتەوە) زامن بکرێت....

دووهەم:

مافی چارە خۆنووسی گەلی کوردستان

لایەنی کوردستانی هەوڵی دابوو کە ئەم « پرنسیپە« لەدەستووری هەمیشەیی کۆماری العراق تەسبیت بکات. لایەنی غەیرە کوردیش لە لیژنەی داڕشتنی ئەم دەستوورەدا، هەروەها ئەنجوومەنی نوێنەرانی کۆماری العراق وسەرانی لیستەکانی نێو ئەم ئەنجوومەنەش، دژ بوونە.

لەم بارەیەوە بەڕێز «د.منذر الفضل» لەمەڕ مافی چارەخۆنووسی کورد لە دەستووری هەمیشەیی کۆماری العراق، لە ژێر ناونیشانی (الفيدرالية وقضية شعب كوردستان في مسودة الدستور الجديد) و ، لە

پەرەگرافی (اولا : حق تقرير المصير لشعب كوردستان self-determination) ئەڵێت: (رغم ان من حق الشعب الكوردي ان يقرر مصيره بنفسه وفى تحديد نوع العلاقة مع المركز سواء فى اختيار الفيدرالية أم الكونفدرالية أم أعلان دولته الكوردية المستقلة على ارضه طبقا لقواعد القانون الدولي والعهد الدولي الملحق بالأعلان العالمي لحقوق الأنسان والقرارات ذات االصلة الا ان مشروع الدستور لم يتضمن النص على هذا الحق في مادة مستقلة بسبب اعتراضات من باقي الأطراف في اللجنة الدستورية والقيادات السياسية الأخرى .)

* رۆژنامەی خەبات.

لە جیاتی ئەوەی لای سەرکردایەتی سیاسی کورد، ئەم پرنسیپە خەتی سووری بێت وپێ داگرێت لە سەری، دەبینین لەمەش خاو بوەوە، بەم رستەیەی خوارەوە کە لە دیباجەی دەستووری هەمیشەییدا تەسبیتکرا رازی بوو:

- دەقە عەربییەکەی :(ان الالتزام بهذا الدستور يحقق للعراق اتحاده الحر شعبا وارضا وسيادة)

دەقە کوردیەکەی:

(پابەندبوون بەم دەستوورە یەکێتی سەربەستانەی گەل وخاک و سەروەری عێراق دەپارێزێت.)، بەوەش رانەوەستان، بەڵکو هەر پاش راگەیاندن وبلاوبوونەوەی دەقی دەستوور، لە رێگای کەناڵەکانی راگەیاندنی هەردوو حزبی سەرەکی کوردستانەوە، دەستکرا بە هەڵمەتێکی پروپاگەندەی یەک تەرەفە، بۆ داپۆشینی ئەو خاوکردنەوە وتەصریف کردنی ئەو رستەیە کە گوایە ئەمە خودی ناوەرۆکی پرنسیپی « مافی چارە خۆنووسی خەڵکی کوردستانە».

ئێمەو بگرە توێژێکی زۆر لە پسپۆران و رۆشنبیرانی کورد، چ لە رێگای نووسین و شیکردنەوەکانیان یان لە کۆڕ وسمینار و دیدارو چاوپێکەوتنەکانیاندا، لە دەزگا و میدیا جیا جیاکانی کوردستان و(العراق) و دەرەوەی ولات، سەبارەت بە تەسبیت کردنی مافی (چارەی خۆنووسین) لە لایەن کوردەوە ولە دیباجەی ئەم دەستوورەو، لە خوودی دستوورەکەش، بە دیبیان نەکردووە و ،ئەو دەقەش کە پشتی پێ دەبەسترێت، بە هیچ شێوەیەک مانای (مافی چارەی خۆنووسین) بە کورد نابەخشێت. بۆیە هەر لە سەرەتاوە دەکرێت بڵێین لە واقیعدا ئەو دیباجەیە، نە لە دوور و نە لە نزیک بەلای ئەو پرنسیپەدا نەهاتووە.

جارێکی دیکەش دەگەرێمەوە بۆ ئەوەی کە لە پێشدا گوتوومانە ئەوەیش ئەوەیە کە ئێمە دەقێکی (یاسایی)مان لە بەردەستدایە خەسڵەتی دەقی یاساییش مەعلوومە دەبێت چۆن بێت.....

لێرەدا مافی خۆمانە بپرسین ئەرێ گەلۆ :

* ئەگەر نوێنەرانی غەیرە کورد لە کومەڵەی نیشتمانی (العراق) کە زیاتر نوێنەری زۆرینەی عەرەبی بالادەستی کۆماری (العراق) ە و، زۆرینەی لیژنەی دارشتنی دەستوور بوونە، مەبەستیان لەو رستەیە (مافی چارە خۆنووس بووە بۆ کورد..)، باشە بۆ بە راشکاوی ئاماژەیان بەو پرنسیپە نەکردووە لەو دیباجەیەدا...؟ و، گرنگ تر لەدیباجەکەش، بۆ لە ماددەیەکی ئەم دەستوورەدا تەسبیت نەکرا.....؟!

هەتاکو ئەگەر ئەو رستە واتەفسیر بکرێت کەمەبەست مافی چارە خۆنووسە، بۆ بەم شێوەیە بێت.ئەم ماستە هەڵبەتە بێ موو نیە، یان : وەکو پەندە فارسیەکە دەڵێت (ئەگەر شما حیلە نەداری چرا لەفلەف میکوونی.)

مافی چارە خۆنووس چیە..؟

مەبەست لە پرنسیپی مافی چارە خۆنووس بە کورتی ئەوەیە کە :

ـ هەموو نەتەوەیەک : بێ جیاوازیی قەبارە و ژمارەی هاووڵاتیانی و، ڕەگەز و ئایین و ئاینزا، یان باری کۆمەڵایەتی وجیوٚپۆلەتیک وئابووری وکلتووری...، مافی ئەوەی هەبێت و بتوانێت، بەئازادی و،بە سەربەستی و،بێ هیچ جۆرە خۆسەپاندن وملهوڕی و ئیرهابی ماددی و فیکری، نێو خۆ، یان دەرەکی، پاشە ڕۆژی خۆی بە شێوەیەکی فەرمی و ئاشکرا لەسەر خاکی خۆی دیاری بکات.

ئەو مافەش گشتیە واتە (سیاسی و ئابووری و کلتوری ونەتەوایەتی وئاینی ومەزهەبی..هتد)

پێش ئەوە ئەم مافە وەکو پرنسیپ بناسرێت و پێناسە بکرێت و، لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ودەزگا مرۆڤایەتیەکانەوە دانی پێدابنێردرێت، لە زۆر وڵاتانی جیهان پیادە بکرێت، گەلان بە درێژایی مێژوو خەبات و قوربانیەکی زۆریان بۆ داوە و لە پێناویدا سەدان کارەسات و نەبەردییان تۆمار کردووە، ئەم کاروانە ئەگەر چی لە زۆربەی زۆری ناوچەکانی ئەم جیهانە بە ئەنجام گەیشتووە، بەڵام هێشتا لە هەندێ کون و قوشبندا لە ململانێ و پێش و پاشدایە و، یەک لەو ناوچانە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و، یەک لە قوشبنەکانیشی کوردستانە...

واتە ئەم دیاریدەیە لەگەڵ لە دایک بوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و دروست بوونی دەسەڵات و(کیان)وسەرهەڵدانی جیاوازی بەرژەوەندی...هتد، قۆناغ لە دوای قۆناغ، بوون و بایەخی، وەکو پێداویستیەکی مێژوویی، نەدەکرا پشتگوێ بخرێ و، لە پێش نزیکەی (٣) سەدە ولە ئەدەبیاتی رامیاری و یاسایی و کۆمەڵایەتی جێگربوو.

وەک یەک لە بنەماکانی پرۆسەی رزگاری وئازدای و یەکسانی گرنگ لە بیرو خەباتی کەسایەتیە پسپۆڕو ڕووناکبیرە پێشکەوتووخوازەکانی سەردەمەکان و، دواتریش بووە خاڵێکی گرنگی بەرنامەی ڕێکخراو و هێزە شۆڕشگێرو نوێخوازەکان...

ئیدی دوای ئەوە؟:

ـ مافی چارەخۆ نووس لە یاساو ڕێسا ودیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکان چەسپاوبوو بەبەندێکی بەرچاو لەنێو دەستوور ویاسا بنەڕەتیەکانی زۆربەی وڵاتانی ئازاد.

ـ بە پێی ئەم پرنسیپە نەتەوەیەکی زۆر، لەوانە نەتەوەی (عەرەب)، گەیشتن بە ئامانجی خۆیان بە دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان کە ئەمڕۆ ژمارەیان (٢٢) دەوڵەتە وهێشتا لە زیاد بوونیشدان..

ـ تەسبیت کردنی ئەم (پرنسیپە) وەکو خۆی، واتە (مافی چارەخۆ نووس وتەحدید کردنی تاکو دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆ) لە دەستووری (العراق)، مافێکی ڕەوا بوو، هەروەها تەعبیر بوو لە خودی ناوەڕۆکی ئەو پرنسیپە و یەک لە بنەما سەرەکیەکانی ئامانج و ویستی خەڵکی کوردستان ، کە لە پێناویدا ڕووباری خوێنی داوە، تاکو ڕادەی جینۆسایدکردن و گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتی...

ـ نەبوونی دەقێکی وەها ڕوون و زەق و ڕەها لەم دەستوورەدا،گومان دەخاتە سەر هەموو ماددە و دەقەکانی دیکەی، کە باس لە مافی گەلەکەمان دەکات و، ئەو کەسایەتی و لایەنانەی کە پشت بە دواڕستەی (ئەم دیباجە)یە ئەبەستن و، هەوڵی ئەوە ئەدەن گوایە:

– ئەو ڕستەیە مانای مافی چارەخۆ نووسە بۆکورد، یان ئەوانەی کە دەڵێن :

– ئەو مافە بە دەستی کوردە هەرکات بیەوێت و بوێرێت ڕایدەگەیەنێت و پیادەی دەکات، بۆچوونێکی دروست نیە و، هەڵهاتنە لە واقیع و، پەردەپۆشکردنی سازشکرایەکەیانە (compromise) لەم پرنسیپە....

ـ دوور نیه بۆ وڵاتێکی غەیرە (العراق) و، بۆ گەلانێک غەیرە گەلانی (العراق)و، بۆ نەتەوەیەک غەیرە نەتەوەی کورد، تەسبیت کردنی پرنسیپی (مافی چارەخۆنووس) هەمان گرنگی و ئەهمیەتی نەبێت وەکو بۆ کورد هەیەتی، چونکە بۆ ژمارەیەک لە نەتەوەو گەل و کەمایەتی تر وبە تایبەتی لە وڵاتانی پێشکەوتوو (تەحصیل حاصل) بووە، بەڵام بابەتەکە و لەم بارودۆخەداو، لە وڵاتێکدا باسی لێوە دەکرێت کە پێی دەڵێن (العراق)، لە سەرەتای دەستوورەکەی بە (کۆماری العراق) تەسبیت کراوەو لایەنی زۆرینەو دەسەڵاتداری عەرەب ئامادە نین ئەو پرنسیپە بە فەرمی قبووڵ بکەن، مەترسی پاشگەزبوونەوەشیان لێدەکرێت لە هەندێ ماف و پرنسیپی تر، لەوەش گرنگتر هەروەک ئاماژەمان بۆ کرد ئەم «العراق»ـە لەسەرەتای دامەزراندنییەوەیەتی، کوردیش ستوونێکی گرنگی پرۆسەکەیەو قوربانییەکی زۆری داوە بۆ پاراستنی ناسنامەو بوون و مافەکانی خۆی سەرەڕای ئەمانەش چونکە :

– هەموو گەل و نەتەوەیەک گەورە بێت یان بچوک لە سەر خاکی خۆی، مافی رەوای خۆیەتی بە ئازادی و دوور لە جەورو جەفا و فشار ودەستێوەردانی دەرەکی و، ئیرهابی فیکری ناوخۆیی، بە ئاشکرا بڕیاری پاشە رۆژی رامیاری وئابووری وکلتووری..هتد، خۆی بدات. واتە چارەنووسی بە درووستکردنی (کیان) ی خۆی لە سەر خاکی خۆی دیاری بکات...

ـ ئەم مافە وەکو پرنسیپ لە مێژ زەمانەوە خەبات وتێکۆشانی بۆ کراوە، لە پێناویدا میللەتان لافاوی خوێنیان داوە، بە قوربانیەکی یەک جار زۆر چەسپاوە، وای لێ هات ئەم مافە بوو بە بنەمایەکی گرنگی پەیڕەوی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە تاکو ئەمڕۆ (١٩٢) دەوڵەتی سەر ئەم زەمینە پەسندی کردووە، بەو پێیە بونەتە ئەندام لەو دەزگایە کە لە دیباجەی پەیڕەوو پرۆگرامەکەدا لە بەندی (١) یدا دەڵێت:

١– (ان نؤكد من ايماننا بالحقوق الآساسية للأنسان وبكرامة الفرد وقدره وبما للرجال والنساء والأمم كبيرها وصغيرها من حقوق متساوية .) و، هەروەها لەبەندی (٢) ی (بە شی یەکم) یدا هاتووە :

٢– (ان العلاقة بين الأمم على أساس احترام المبداء الذي يقضي بالتسوية في الحقوق بين الشعوب وبأن يكون لكل منها تقرير مصيرها وكذلك اتخاذ التدابير الاخرى اللازمة لتعزيز السلم العام .). هەروەها :

٣– مادەی ١ ی پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی مەدەنی وسیاسیەکان)«*«- مافی چارە خۆنووسین ـ کە دەڵێت:

١. هەموو گەلان مافی ئەوەیان هەیە خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، بە پێی ئەم مافەش ئازادن لە دیاریکردنی ناوەندی سیاسی خۆیان، ئازادن لەوەدا کە هەوڵ بدەن بۆ بەدیهێنانی گەشەی ئابووری وکۆمەڵایەتی وکەلتوورییان.

(*) هەر هەمان پرنسیپ لە برگە (٢)ی جاڕنامەی بەخشینی سەربەخۆیی بە وڵاتان و گەلانی داگیراکراون تەسبیت کراوە:

٢. هەموو گەلان، بەدوای ئامانجە تایبەتییەکانی خۆیاندا، مافی دەستکاریکردنی ئازادانەی سامان وداهاتە سروشتییەکانی خۆیانییان هەیە بە بێ پێشێلکردنی هەر وابەستەییەکی هەڵقوڵاوی پێویستییەکانی هاوکاری ئابووری نێودەوڵەتی کە لەسەر بناغەی سوود گۆڕینەوەو یاسای نێودەوڵەتی دامەزراوە. لە هیچ حاڵەتێکیشدا نابێت گەلێک لە هۆکارەکانی ژیانی تایبەت بە خۆی بێبەش بکرێت.

٣. دەبێت وڵاتانی ئەندام لەم پەیمانەدا، بەوانیشەوە کە بەرپرسیارێتی بەرێوەبردنی ئەو هەرێمانەیان لە ئەستۆدایە کە ئۆتۆنۆمییان نییە وئەو هەرێمانەی چاودێری دەیانگرێتەوە، کار بکەن بۆ بە دیهێنانی مافی

چارەی خۆنووسین و ڕێز لەو مافە بگرن، بە گوێرەی بەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان.
(*) سەرچاوە: دەستورەکانی عێراق و لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی بە پێی پێوەرکانی مافە دەستورییە نێودەوڵەتییەکان.)، پەیمانگەی نێودەوڵەتی یاساکانی مافی مرۆڤ/ کۆلێژی یاسای زانکوی دیپۆڵ - (ل ١٠٥ی کوردی) هامشی لاپەرە ٢٧٧ی عەربی -

دەقە عەرەبییەکەی:

(المادة (١) العهد الدولي الخاص بالحقوق المدنية والسياسية «*» (حق تقرير المصير)- :

١. لجميع الشعوب حق تقريرمصيرها بنفسها. وهي بمقتضى هذا الحق حرة في تقرير مركزها السياسي وحرة في السعي لتحقيق نمائها الأقتصادي والأجتماعي والثقافي.

٢. لجميع الشعوب، سعيا وراء اهدافها الخاصة، التصرف الحر بثرواتها ومواردها الطبيعية دونما اخلال باية التزمات منبثقة عن مقتضيات التعاون الأقتصادي الدولي القائم على مبدأ المنفعة المتبادلة عن القانون الدولي.

٣. على دول الأطراف في هذا العهد بما فيها الدول التي تقع على عاتقها مسؤولية ادارة الأقاليم غير المتمتعة بالحكم الذاتي والأقاليم المشمولة بالوصايا، أن تعمل على تحقيق حق تقرير المصير وأن تحترم هذا الحق وفقا لأحكام ميثاق الأمم المتحدة. هەمان پرنسیپ دووپات بوەتەوە لە بڕگە (٣) لە ڕاگەیاندنی ماف لە گەشە کردندا (المنفعة المتبادلة عن القانون الدولي).

(*) المصدر : الدساتير العراقيه ودراسه مقارنه بمعايير الحقوق الدستوريه الدوليه - المعهد الدولى لقانون حقوق الانسان - كليه الحقوق بجامعه دى بول - الطبعه الاولى2005. ص277.(*) هەمان سەرچاوە لاپەڕە (278).

4- لە هەر (3) پرەنسیپی سەرەوە لە مادەی (1) ی پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان دوپات بووەتەوە «*»:

«*» سەرچاوە: دەستوورەکانی ئێراقییەکان و لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی بە پێی پێوەرەکانی مافە دەستورییە نێودەوڵەتییەکان.) هەمان سەرچاوە ل - (106) و دەقە عەرەبیەکەی ل (278).

5- مادەی (25) ی پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری وکۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان ئەڵێت:
(هیچ حوکمێکی ئەم مادەیە نابێت وەها لێک بدرێتەوە کە دەستدرێژی بێت بۆ سەر مافێکی ریشەیی گەلان لە ئازادی سوودمەندبوون و کەڵک وەرگرتنی تەواو لە داهات و سامانە سروشتییەکانیان.) هەمان سەرچاوە ل 106.

دەقە عەربیەکەی:

(الماده (25) العهد الدولى الخاص بالحقوق الآقتصاديه والاجتماعيه والثقافيه«*»:

(ليس فى اى حكم من احكام هذا العهد ما يجوز تأويله على نحو يفيد مساسه بما لجميع الشعوب من حق أصيل فى حريه التمتع والأنتفاع كليا بثرواتها ومواردها الطبيعيه.)نفس المصدر السابق ص 287.).

6- جاڕنامەی بەخشینی سەربەخۆیی بە وڵاتان و گەلانی کۆلۆنیالکراو«*» لە بڕگە (2)ی هەمان ناوەڕۆکی خاڵی (٣)ی سەرەوە دوپات بۆتەوە یان لەبڕگە (3)یدا هاتووە:

«3. هەرگیز ناکرێت دواکەوتنی ئامادەباشی لە بوارەکانی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی و زانستیدا

بكرێته پاساو بۆ دواخستنی سەربەخۆیی.»، (هەمان سەرچاوە ـ ل 107).پشتی پێبەستراو بلاوكرایەوە بە سەرخەڵكیدا بە پێی بڕیاری كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتوەكان 1514 (د - 15) لە برواری 14 [كانونی یەكەمی 1960. دەقە عەرەبییەكەی (اعلان منح الأستقلال للبلدان والشعوب المستعمرة)«*» :

«2. لجميع الشعوب حق تقريرمصيرها بنفسها .

وهي بمقتضي هذا الحق حرة في تقرير مركزها السياسي وحرة في السعي لتحقيق نمائها الأقتصادي والأجتماعي والثقافي .»

«3 . لا يجوز ابدا ان يتخذ نقص الأستعداد في الميدان السياسي او الأقتصادي أو الأجتماعي أو التعليمي ذريعة لتأخير الأستقلال .» ، (المصدرالسابق ص 278) ، اعتمد ونشر على الملأ بموجب قرار الجمعية العامة للأمم المتحدة 1514 (د - 15) المؤرخ في 14 كانون الأول - ديسمبر 1960 .

7- ماددەی (1)ی ڕاگەیاندنی ماف لە گەشەكردندا «*» «المنفعة المتبادلة عن القانون الدولي .»

«3 . علي دول الأطراف في هذا العهد بما فيها الدول التي تقع علي عاتقها مسؤولية ادارة الأقاليم غير المتمتعة بالحكم الذاتي والأقاليم المشمولة بالوصايا ، أن تعمل علي تحقيق حق تقرير المصير وأن تحترم هذا الحق وفقا لأحكام ميثاق الأمم المتحدة .» المصدر السابق ص 278

8- مادەی (1) ی ڕاگەیاندنی ماف لە گەشەكردندا*.

1. ماف لە گەشەكردندا مافێكە لە مافەكانی مرۆڤ و دەستكاری ناكرێت بە پێی ئەم مافە هەموومرۆڤێك وهەموو گەلێك مافی خۆیەتی كە بەشدار و ڕۆڵگێڕانی هەیە لە بەدیهێنانی گەشەكردنی ئابووری وكۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری وسیاسی و سوودمەندبن لەو گەشەكردنە كە دەتوانن لە ڕێگەیەوە پراكتیزە كردنی تەواوی هەموو مافەكانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەكان بكەن.

2. هەروەها مافی مرۆڤ لە گەشە پێكردنی تەواوی مافی چارەی خۆنووسینی گەلانیش دەگرێتەوە، كە ئەمیش ئەو ئەحكامانە دەگرێتەوە كە پەیوەندیدارن بە هەردوو پەیمانی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافی مرۆڤەوەو، مافی پیادەكردنیان، كە مافی دەستكاری كردنیان لە پیادەكردنی شكۆمەندی تەواویان بەسەر هەموو سامان و بەرهەمە سروشتییەكاندا نییە. (هەمان سەرچاوە ل ـ 109).× پشت پێبەستراو بلاوكرایەوە بە سەر خەڵكیدا بە پێی بڕیاری كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یككگرتووەكان (41) (128) لە بەرواری 4ی كانوونی یەكەمی 1986) دەقە عەربیەكەی : (المادة (1) اعلان الحق في التنمية)*

«1 . الحق في التنمية من حقوق الأنسان غير قابل للتصرف وبموجب] يحق لكل انسان ولجميع الشعوب المشاركة والأسهام في تحقيق تنمية اقتصادية واجتماعية وثقافية وسياسية والتمتع بهذة التنمية التي يمكن فيها اعمال جميع حقوق الأنسان والحريات الأساسية اعمالا تاما .»

«2 . ينطوي حق الأنسان في التنمية ايضا الأعمال التام لحق الشعوب في تقرير المصير الذي يشمل مع مراعاة الأحكام ذات الصلة من العهدين الدوليين الخاصين بحقوق الأنسان ممارسة حقها ، غير القابل للتصرف ، في ممارسة السيادة التامة علي جميع ثرواتها ومواردها الطبيعية .» ،(المصدر السابق ص 279) . أعتمد علي الملأ بموجب قرار الجمعية العامة للأمم المتحدة رقم (41) (128) المورخ في ٤ كانون الأول - ديسمبر 1986 .

لەگەڵ ئەمانە هەر هەموویاندا، باشە :

ـ كۆماری (العراق) ئەندامە لە نەتەوەیەكگرتووەكان پابەندە بە پەیڕەوی و هەروەها بە یاسا وڕێسا

نێودەوڵەتیەکان، مادده (8)ی ئەم دەستووره دووپات وجەخت لەسەر ئەم راستیە دەکات، ودەڵێت :

(يرعي العراق مبادئ حسن لحقوق الجوار ، ويلتزم بعدم التدخل في الشؤون الداخلية للدول الاخري ، ويسعي لحل النزاعات بالوسائل السلمية ، ويقيم علاقاتة علي أساس المصالح المشتركة والتعامل بالمثل ، ويحترم التزاماتة الدولية .)، واتە کۆماری (العراق)، ڕێز لە پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی دەگرێ ، (مافی چارەی خۆنووس) یەک لە پابەندیە نێودەوڵەتییکانە).

باشە بۆ (مافی چارەی خۆ نووس) وەکوو خۆی نە لەو دیباجەیە ونە لە هێچ ماددەیەکی دەستووری هەمیشەیی (العراق)، تەسبیت نەکرا..؟

هەر وەکوو سەرانی کورد وزۆر لە لایەنە سیاسیەکانی (العراق) سوورن لە سەری کە :

1. ئەم قۆناغە قۆناغی سەرەتایی سەرلە نوێ دامەزراندنەوەی کۆماری (العراق)ـە و، گوایە لە کەش و هەوایەکی دیموکراسی وئازاد وئارەزوومەندانە و، لە ڕێگای نوێنەرانی هەموو گەلانی ئەم (العراق)ـە بڕیاری لە سەر ئەدرێت ـ هەرچەندە (گەلانی العراق)لەم دەستووره بووەتە گەلی عێراق ـ و.

2. بە سەرپەرشتی و چاودێری ئەمریکا کە گەورەترین وبەهێزترین دەسەڵات وهێزە لە سەر ئەم زەمینە بەڕێوە دەچێت و،

3. گوایە خودی ئەمریکا خاوەن ئیستراتیجیەتێکی بەرین و نوێخوازە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و،(وەکو ئاشکرایە کوردیش یەک لە نەتەوەکانی ئەم ناوچەیەیەو بگرە لە جیهاندا نەک هەر مەزڵووم و ماف خوراوە، بەڵکو تاکو ئێستا بێ کیانە) و، لە مێژ زەمانەوە زلهێزەکان؛ بەریتانیا وئەمریکا بە تەئکید، بەر پرسیارن لەو واقیعەو،لە نەهامەت و کارەساتەکانی ئەم نەتەوەیە لە لایەکەوە،

4. لە لایەکی ترەوە : هەر وەکو سەرانی کورد خۆیان رایانگەیاندووە وجەختی لە سەر دەکەن، گوایە کورد هەرچۆن لە نەخشەی رمانی رژێمی سەدام و دامەزراندنەوەی کۆماری عێراق شەریکی ئیستراتیجی ئەمریکایە، هەروەها شەریکی ئیستراتیجی ئەمریکان لە نەخشەی (رۆژهەڵاتی گەورەی ئەمریکاش) و، سەرەرای ئەمانە هەر هەموو.

5. کورد بێ قەید وشەرت و بێ مەرج (بەشداری) ئەو پرۆژەیەی کردووە.

6. و بەرچاو کردنی کارەسات و جینۆسایدی کورد وئەنفال وتەعریب وکاول کردنی کوردستان و، ئەزموونی ئەم 14 ساڵەی کورد بە ئیجابی وسلبیاتیەوە و، مەوقیع وهێز وتوانای خەڵکی کوردستان و، لاوازی و پەرتو بڵاوی و گیرو گرفتی لایەنی زۆرینەی عەرەبی کۆماری عێراق،و بە تەحدید ئەوانەی کە هاوخەباتی کورد بوون لە بەربەرەکانێی رژێمی رەگەزپەرستی سەدام، کەئەوانیش قوربانی زوڵم و زۆری ئەو رژێمەن و، گوایە سوودیان لە ئەزموونەکان وەرگرتووە، هەر وەکو لە پێشەکی خودی ئەم دیباجەیەدا هاتووە ودەڵێت:

دەقە کوردیەکەی :

(ئێمەی گەلی عێراق کە پەیمانی بە خودا داوە بە هەموو پێکهاتە و رەنگەکانیەوە بە ئازادی و ئارەزومەندانە بڕیاری یەکگرتوویی خۆی بدات لەگەڵ خۆی وپەندی سبەینێی لە دوێنێ وەربگرێت....).

ئەڵێین لەگەڵ هەر هەموو ئەمانەدا، دەبینین زۆرینەی عەرەبی باڵادەستی کۆماری (عێراق) ئامادە نین دان بە پرەنیسیپی (مافی چارەی خۆنووس) بۆ کورد بنێن، کە چی لایەنی کوردی دوا ڕستەی ئەم دیباجەیەمان وا بۆ تەفسیر دەکەن کە گوایە، ئەمەیە دان پێدانان بە مافی چارەی خۆنووس و، کردوویانە بە دەستکەوتیش...!

هەرچەندە ئەو ڕستەیە دوورە لەو مانایە ولەگەڵ ئەوەش هەر لە هەمان دیباجە ولە سەرەتای هەمان ڕستە

وله خودی ماددەی (1) ی ئەم دەستووره و هەر وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، گەلانی (کۆماری عێراق) ی بە یەک گەل تەسبیت کردووە ئەویش (گەلی عێراق) ە واتە:

1. گەلانی عێراق بە یەک گەل پێناسە دەکرێت کە (گەلی عێراق)ـەو زۆرینەی هەرە زۆری ئەم گەلە (بە دیدی عـەرەبان (80ـ 85 ٪) ی عـەرەبن و، ئەوە بۆ سنووری نزیکەی یەک سەدەیە نوێنەرانی زۆرینەی ئەم (گەلی عێراق)ـە کە عەرەبن حوکمی ئەم (عێراق)ـە دەکەن و، لە ژێر ئاڵاو شمشێر و دەسەڵاتی ئەمانە کورد چەوسـاوەتەوە، تاکـو ڕادەی جینۆسـایدوگـۆڕینی قـەوارەی نەتەوایەتی و هەرِفـاندنی ژێر خـانـی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووری و شارستانی و زیاد لەمەش و هەر لە سەرەتاوە :

2. کوردستانی باشووریان کە ئەمڕۆ (کوردستانی عێراق)ـە لای کورد و، لای عەرەبان، (شمالی کۆماری عێراق)ـە،

3. ئەم (بەشەی کوردستان)بە زۆر بێ ئارەزووی کوردو، بە هەڵوێست و بە دیکۆمێنتیش کورد دژی لکاندن وگرێدانی بوونە بەم (عێراق)ـە دەستکرد و داتاشراوەوە، با هەندێ لەسەرانی کورد، ئەمڕۆ بۆ دەرباز بوونی سیاسەتی ڕۆژ، ئەم ڕاستیە سەرەولێژ بکەن و،خۆیان هەڵکێشن گوایە کورد لکاندنی کوردستانی باشوور بە گەل و خاکەوە وەکو پارچەیەک لە ئەم عێراقە بە ئارەزووی خودی خۆی بووە..! 4. زنجیرە شۆڕش و ڕاپەڕین و ئەزموونی 14 ساڵی دەسەڵاتی خۆماڵی کورد و، ئەزموونی زیاتر لە(3) ساڵی بە ناو پاش (رزگار)ی عـێـراق و دامـەزراندنی سـەرەتاکـانی (بە دیموکـراتیـەت) کـردن و بەشـداری (فـعـال)ی کـورد لە هەمـوو هەنگاوەکانی پاش بەهاری ساڵی (2003) بە هەموو قۆناغەکانیەوە: (رزگاری عێراق) و (داگیر کردنی عـێـراق)، قـۆناغی (کـاتـی) و قـۆناغی (گـواسـتنەوە)و، قـۆناغی دارِشـتنی (دەسـتـووری هەمـیـشـەیی عێراق...هتد)، کە چی لە هەموو ئەو هەل و دەرفەتە نوێیانە تەوژمی (عروبەتی) عێراق و تەهمیش کردنی کێشەی کورد ڕانەوەستاوە، ئەگەر چی دوور نییە لە هەندێ بواری تیۆریدا کز بێت.

٥. هەروەها لە پاش نەمانی رژێمی سەدام،ولە ماوەی زیاتر لە (سێ) ساڵ، ئەگەر چ بە فەرمی پرۆسەی (تەعریب) لە کوردستاندا راوەستاوە، بەڵام مانەوەی تەعریبچیەکان وتەگەرەو لەمپەرەکانی سەر رێگای جێ بەجێکردنی ماددە(٥٨) ی پێشـو و (١٤٠) ئێسـتـای دەسـتـوور (بە رەچاوکـردنی کـەم وکـورتیـەکـانی ئەو ماددەیە) و، هەڵوێـستـی ناوەند بوو سەبارەت بەو کێشـەیە و، شاڵاوی تیرۆر و تۆقاندن وراونانی کورد لە پارێزگای مووسڵ وناوچەکانی تری تەعربیکراو وناوەڕاست وخوارووی العراق و، تەوژمی مەزهەبی توندڕەوی (عەرەبی سوونەو شیعە)، تەکانێکی دیکەی داوە، نەک هەر بە مانەوەی (تەعریب)، بە ڵکو بە هێرشێکی تر و، سەرەڕمیان ئەوناوچە (تەعریبکراوەکانیان) و، کەرەسەکانیشیان تەعریبچیە (سوونەوشیعەکان)ن، کە دەسەڵاتی عـەرەبی (سـوونە) مـەزهەب، لە کـاتی رژێـمـە یەک لەدوای یەکەکـانی عێـراقدا، نیـشـتـەجێ و بە کاریان هێنان و، جگە لە تەعریبچیـەکانی پێش ئەمانە کە لە سەرەتای دەمەزراندنی (العراق) ەوە، بەپێی پلان و سیاسەتێکی رەگەز پەرستی وشۆڤێنی ئەو سەردەمە و بەتایبەتی حکومەتەکی (یاسین الهاشمی) کەلە سـەرەتای سـیـەکـانی سـەدەی رابردوو، لە چەند نـاوچەی کـوردسـتـان بە تـایبـەتی لەمـووسڵ و لە کـەرکـوک و دەوروبەری (چیای حەمرین) نیشتـەجێیان کـرد ، ئێستا خودی سەرانی کورد نازناوی (عـەربە رەسەنەکان) یان لێ ناون.........!، لە گەڵ رێزماندا بۆ ئەو عەرەبانەی بە دەر لەو پرۆسـەیە نیـشـتـەجێی کـوردسـتـانن، خودی زاراوەی (عەرەبی رەسەن) خۆی لە خۆیدا، جێگای باس و لێکۆڵینەوەو سەرنجە..

ئەم (رەسەن) نانە کەرەسەی پرۆسەیەکن خاک و ئاوی باب و باپیرانمانیان داگیر کردووە و، هێشتا زۆر

لەقوربانیەکانی کوردی ئەوپرۆسەیە لە ژیاندان و، بوونی ئەمانە (بە رەسەن و نا رەسەن) یان، دژی گشت راستیەکانی مێژوو وجوگرافیاو کۆمەڵناسی و بەڵگە فەرمیەکانی خودی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی (العراق)ـە،هەروەها دژی خودی بەرنامەو هەڵوێستی بزاڤی رزگاری خوازی کوردستانە لەمەڕ تەعریب و گۆڕینی قەوارەی نەتەوایەتیمان...

(رەسەن) و (نا رەسەن)، دووڕووی دراوێکن و یەک پێناسە دەیانگرێتەوە ئەویش (تەعریب)ە.ئەگەر کار وا بروات دوور نیە پاش ماوەیەکی کورتی تر ئەوانەش کە ئەمڕۆ پێیان ئەڵێین (عەرەبی هاوردە) و (غەریب...هتد) ببنە هاولاتی رەسەنی ئەو ناوچانە و، تەوژمی (پێنجەمی) تەعریب، کە ماوەیەکە لە هەندێ لە ناوچە تەعریبکراوەکانی کوردستان دەستی پێ کردوەتەوە، کە بە (لێقەوماوو کارکەر...) لە قەڵەم ئەدرێن ببن بە (رەسەن)...!

گەلێک، رابردووی ئەو هەموو کارەسات و نەهامەت و کۆمەڵ کوژییە بێت، بە هەموو جۆرە ناکۆکی و ململانێ و لاوازی و ناڕێکی بەرامبەرەکەی ئەمڕۆی و، ئەو جۆرە مامەڵەیە لەگەڵ کێشەکەیدا دەکرێت و، لەگەڵ ئەو هەموو هێرش و شالاوە رەگەزپەرستی و شۆڤینیزمەی زۆربەی هەرە زۆری رژێم و شەقامی (عەرەبی) بە پانتایەکی گەورەی عەرەبی عێراقیشەوە وئەو هەموو راونان وتیرور وکوشتن، لە کاتێکدا کورد لە کوردستانی عێراق لە (جۆش و خرۆشی هەرەتی هێزو توانای خۆیدایە)، هەر وەکو هەندێ لە سەرانی وەسفی دەکەن کە(ئەمڕۆ کورد لە لوتکەیە...)، ئیدی چۆن کورد دەبێت لە کێشەی (مافی چارەخۆنووسینی خۆی غافڵ بێت) و، خۆی بخافڵێنێ بە رستەیەکی بێ ناوەڕۆک وبێ هێزی وەکو ئەوەی کە لەم دیباجەدا هاتووە :

(ان الألتزام بهذا الدستور يحقق للعراق اتحاده الحر شعبا وارضا وسيادة) واتە : (پابەند بوون بەم دەستوورەوە یەکێتی سەربەستانەی گەل وخاک وسەروەریی عێراق دەپارێزێت.)

با هەندێ گەشبین تر بین و لەگەڵ ئەو سەرکردەو ئەو پسپۆڕ و رۆشنبیرانە بین کە جاڕ بۆ ئەو رستەیە ئەدەن، گوایە ئەمەیە پرەنسیپی (مافی چارەی خۆ نووس) وئەمەیە گەرەنتی و هیوا لە (کۆماری العراق)ی ئاوات و ئاشتی، ئەڵێین گریمان وابێت، باشە ئەمانە ئەو راستییە نابینن کە :

١- ئەم رستەیە لە دیباجەکەدا هاتووەو، دیباجەکەش مولزەم نییە، واتە مادەیەک، یان برگەیەکی دەستوورەکە نییە. واتە ئەو دیباجەیە لە سەرەوە تاکو دوا ووشەی قسەیە، قسەش ناچێتە گیرفانی کەسەوە.

٢- هەر لە سەرۆکی لیژنەی داڕشتنی ئەم رەشنووسەوە تاکو زۆربەی زۆری ئەندامانی و بە تەحدید ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی عێراقی کە بە لیستی (شیعە) ناسراون و، زۆرینەی کۆمەڵەی نیشتمانیی بوون وئێستاش زۆرینەی (ئەنجوومەنی نوێنەرانی کۆماری العراق)ن، لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوە وچاوپێکەوتن دووپات وجەخت لەسەر ئەوە دەکەن: کە ئەم (دیباجە)یە مولزەم نییە، واتە مادەیەک لە مادەکانی ئەم دەستوورە نییە.